سەرۆک کۆمار پێشوازی لە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکات

دکتۆر لەتیف جەمال رەشید سەرۆک کۆمار لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە"لە میانی دیدارەکدا، کە ئەمڕۆ چوارشەممە بەڕوچو، چەندین تەوەر و دۆسیەی پەیوەست بە دۆنیابون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی بارگرانییەکانیان تاووتوێ کرا"، لەوبارەیەوە سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە پێویستی بەدواداچون بۆ دۆخی مرۆیی و پاراستن و پاپشتی کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتیان و دابینکردنی پێویستیەکان بەیان بۆ شوێنەکی کاریگەرتر و گشتگیرتر. هەروەها سەرۆک کۆمار دوپاتیکردەوە، پێویستە ئاسانکاری بکرێت بۆ ڕێککارەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئەو تۆژانەی لە یاسای دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیان پێکراوە، سەرەڕای گرنگیدان بە چاودێریکردنی ئەو کەسانەی داهاتیان سنوردارە و کارکردن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی بەهێز بۆ ڕێگریکردن لە کارکردنی منداڵان و ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کاری قورس، هاوکات ستایشی ئەو هەوڵانەشی وەزارەتی کرد لەپای گرنگیدان بە چینە کەمدەرامەتەکان. لە بەرامبەردا وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کۆمار دەربڕی لەپای ڕێنمایی بەنرخەکانی، ڕونکردنەوەیەکی کورتیشی لەبارەی ڕەوشی گرنگی وەزارەت پێشکەش بە سەرۆک کۆمار کرد، کە بڕیی

پرەنسیپەکانی کاردەکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو چین و توێژانەی کەمئەگن، کە دەکەونە ژێر بڕپرسیارەتی وەزارەتەوە لە رێگەی جێبەجێکردنی پلان و ستراتیژ و دەنیابوون لە جێبەجێکردنی یاساکانی لە لایەک و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەسەاتە پێیوەندیدارەکان لەلایەکی دیکەوە.